# The International Participation in Resolving the Issue of Disputed Territories in Iraq
# (A legal analytical study)

Shaho Ghafur Ahmed
Lecturer at the college of Law, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan region- Iraq

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2691KPF.03*

*Published:6/1/2026*

***Abstract***

*The disputed territories in Iraq is a sensitive and complex national issue, which has not yet been resolved. The Law of Administration for the State of Iraq for the Transitional Period of 2004, repealed, and the Iraqi Constitution of 2005 have placed a high priority on this matter. Several constitutional mechanisms have been established to resolve this issue and to determine the fate of the disputed territories between the federal authorities and the Kurdistan Regional Government. In the event that the national federal authorities fail to perform their constitutional duties, the Constitution allows for international participation in resolving this national issue, in particular through the Secretary-General of the United Nations who may conduct the necessary arbitrations. In practice, the United Nations Security Council has referred to Iraq's disputed internal boundaries in several resolutions and has considered it essential that this be resolved in accordance with the Iraqi Constitution and the will of the Iraqi government. In this respect, the United Nations Secretary-General Special Representative for Iraq, made some efforts with the parties concerned in the Iraqi community, but, as with the national procedures, these did not lead to decisive solutions. These international efforts continued in the form of recommendations to national authorities. This issue has therefore not yet been resolved at national and international level, despite the expiry of the constitutional deadline for resolving it. This is therefore an ongoing issue and is not yet over.*

***Keyword**: Federal Constitution, Article 140, Disputed Territories, Federal Supreme Court, United Nations, International Arbitrator*

# بەشداری نێودەوڵەتی لە چارەسەرکردنی پرسی ناوچە جێناکۆکەکان لە عێراق

(لێکۆڵینەوەیەکی یاسایی شیکارییە)

د. شاهو غفور احمد

مامۆستا لە کۆلێژی یاسا/ زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق

E-mail : shaho.ahmed@su.edu.krd

**پوخته**

ناوچە جێناکۆکەکان لە عێراق پرسێکی هەستیار و ئاڵۆزی نیشتیمانیی چارەسەرنەکراوە، لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004، هەڵوەشاوە، و دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005، گرنگیی زۆری پێدراوە، و چەندین میکانیزمی دەستووریی دانراون بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە و یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە لەنێوان دەسەڵاتە فیدراڵییەکان و هەرێمی کوردستان. لە ئەگەری جێبەجێنەکردنی ئەرکە دەستوورییەکان لەلایەن دەسەڵاتە فیدراڵییە نیشتیمانییەکانەوە، دەستوور ڕێگەی بە بەشدارییپێکردنی نێودەوڵەتی لە چارەسەرکردنی ئەم پرسە نیشتیمانییەدا داوە، بە تایبەت لە ڕێگەی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی ناوبژیوانیکردنی پێویست لەم پرسەدا ئەنجامبدریت، کە لەسەر داوای دەسەڵاتی نیشتیمانی دەبێت. لە پراکتیکدا، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چەندین بڕیاردا باسی سنوورە ناوخۆییە جێناکۆکەکانی لە عێراق کردووە و بە پێویستی زانیوە چارەسەرێکی دادپەروەرانەیان بۆ بدۆزرێتەوە کە لەگەڵ دەستووری عێراق کۆک بن و ویستی حکومەتی عێراقی لەسەر بێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە، نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق چەندین هەوڵ و بەشداری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە عێراقییەکان هەبووە، بەڵام هاوشێوەی ڕێکارە نیشتیمانییەکان، چارەسەری یەکلاکەرەوەیان لێنەکەوتۆتەوە، بەڵکو زیاتر لە چوارچێوەی ڕاسپاردەدا بوونە بۆ دەسەڵاتە نیشتیمانییەکان. بۆیە هێشتا ئەم پرسە چارەسەرنەکراوە و لەسەر ئاستی نیشتیمانی، و لە ڕوانگەی نێودەوڵەتیشەوە، سەرباری بەسەرچوونی ماوەی دەستووریی دیارکراو بۆ چارەسەرکردنی، کۆتایی نەهاتوە و پرسێکی بەردەوامە.

وشە کلیلییەکان: دەستووری فیدراڵی، ماددەی 140، ناوچە جێناکۆکەکان، دادگای باڵای ئیتیحادی، نەتەوە یەکگرتووەکان، ناوبژیوانیی نێودەوڵەتی

# بەشداریی نێودەوڵەتی لە چارەسەرکردنی پرسی ناوچە جێناکۆکەکان لە عێراق

## لێکۆڵینەوەیەکی یاسایی شیکارییە

### پێشەکی

پەیڕەوکردنی سیستەمی فیدڕالی لە هەر وڵاتێکدا هەنگاوێکی گرنگە بۆ هێنانەدیی سەقامگیریی وڵات و دابەشکردنی دەسەڵات و تایبەتکارییەکان لە چوارچێوەی دەستوور و یاساکانی وڵات، و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان یان سنووردارکردنیان، بە تایبەت لە وڵاتە فرەنەتەوەکان. لەناو سیستەمی فیدڕاڵیدا ململانێ و ناکۆکییەکان لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکان، و دەسەڵاتە فیدڕاڵییەکان و یەکە فیدڕاڵییەکاندا سروشتی نێودەوڵەتییان نییە، لەناو دەستوور و یاسای نیشتیمانیدا میکانیزمی یاسایی و سیاسی و دادوەری پێویست بۆ چارەسەرکردنیان دەستنیشاندەکرێن. بە شێوەیەکی گشتی لە چارەسەرکردنی ئەم کێشە ناوخۆییانەدا دەستێوەردانی دەرەکی و بەشداریی نێودەوڵەتی پێشبینیکراو و ڕێگەپێدراو نییە. لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدڕاڵیدا، یەکە فیدڕاڵییەکان بۆ ئەوەی بتوانن پیادەی دەسەڵات و تایبەتکاریی دەستووری، ناوخۆیی و فیدڕاڵیی خۆیان بکەن پێویستیان بەوە دەبێت کە سنوورێکی جوگرافی و کارگێڕی تایبەت بە خۆیان هەبێت. هەندێکجار گرفتی گەورە لە دیارکردنی سنووری ناوخۆیی لەنێوان یەکە فیدڕاڵییەکان سەرهەڵدەدات، بە تایبەت ئەگەر ئەو یەکانە لەسەر بنەمای نەتەوەیی یان ئاینی دروستبووبن.

لەناو سیستەمی فیدڕاڵیی عێراقدا، یەکێک لەو پرسانەی کە لەدوای ساڵی 2003ەوە، کە ڕژێمی بەعث کۆتاییهات، لەنێوان دەسەڵاتە فیدڕاڵییەکان و هەرێمی کوردستان ناکۆکی و گرفتی قوڵی لەسەرە، بریتییە لە پرسی ناوچە جێناکۆکەکان، کە لە سەردەمی ڕژێمی (بەعث)دا گۆڕانکاری گەورە لە سنووری کارگێڕی و دۆخی دیمۆگرافیا و خاوەندارێتیی زەوییەکانی ئەو ناوچانە، بە پلان و بڕیاری فەرمی ئەنجامدراوە. لە ڕوانگەی پێگەی جوگرافییان و پێکهاتە نەتەوەییەکەیان و بایەخە ئابوورییەکەیان، ئەم ناوچانە گرنگییەکی زۆریان بۆ حکومەتی عێراقییەکان و شۆڕش و جوڵانەوەی کوردی لە کوردستانی عێراق هەبووە، ئەمەش هۆکاری سەرەکی بووە کە ئەو ناوچانە، بە تایبەت لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوودا، ڕووبەڕووی پرۆسەی ڕاگواستن و پاکتاوکردن و ئەنفال و بەعەرەبکردن ببنەوە (خليل إسماعيل محمد، 2021: 174). لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەرکەوتنی کەرکوک وەک ناوچەیەکی بەرهەمهێنەری نەوت، وایکرد ببێتە ناوەندێک بۆ کۆچی ئابووری، بە تایبەت بۆ خێزانە عەرەبەکان، ئەمەش بووە هۆی گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە دیمۆگرافیای شارەکەدا. ئەم گۆڕانکارییە دیمۆگرافییە وردە وردە هاوکات بوو لەگەڵ گۆڕانکاری لە سنوورەکانی پارێزگاکە، کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە سنوورە

کارگێڕییەکانیدا لەلایەن حکومەتی ئەوکاتەی بەعثەوە ئەنجامدرا ( Morris, S. and others, 2015:9) ، لە پێناو کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد و زیادکردنی ڕێژەی دانیشتوانی عەرەب.

سنوورە ناوخۆییە جێناکۆکەکان لە نێوان کورد و عەرەبدا هێڵێکی بەردەوام بووە لە ململانێ لە مێژووی دەوڵەتی عێراقدا. دانوستانەکانی پێشوو لە نێوان شۆڕشی کورد و دەسەڵاتە عێراقییەکان پەیوەست بە ئاستی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە ساڵانی 1970-1974 ، 1983 و 1991، زیاتر بە هۆکاری دیارکردنی سنووری ئەو ناوچەیە و دەسەڵاتداریتی بەسەر ناوچە تێکەڵاوەکان کۆسپیان بۆ دروستبوو ( BARTU, P., 2010: 1329). ڕێکەوتننامەی ئۆتۆنۆمی لە ساڵی 1970، هەرێمێکی بۆ کورد لە عێراق دروستکرد، بەڵام سنوورەکانی ئەو هەرێمەی دیار نەکردبوو، ئەمەش وایکرد کە لە دواتردا ناوچە جێناکۆکەکان دروستببن (International Crisis Group, 2018:1).

ئاساییە سنووری جێناکۆک لەنێوان دوو دەوڵەتی خاوەن سەروەری هەبێت یان لەنێوان دوو یەکەی کارگێڕی یان فیدراڵی لەناو دەوڵەتێکی فیدراڵی هەبێت، بەڵام ئەوەی لە عێراق هەیە لەنێوان یەکە فیدراڵییەکان خۆیان نییە، بەڵکو لەنێوان هەرێمی کوردستان (کە تاکە هەرێمی فیدراڵییە)، و دەوڵەتی فیدراڵیدایە. ئەوەی ئەم دۆخەی عێراق زیاتر بە نائاسایی نیشاندەدات، گرنگیپێدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە بەم پرسە و بەشداریپێکردنێتی لە چارەسەرکردنی. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەم ناوچە جێناکۆکانە تەنها جێگەی بایەخی نیشتیمانی نین، بەڵکو لایەنی دەرەکیش بە بایەخەوە لە ئایندەی ئەم ناوچانەیان ڕوانیوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر مەترسییەکانی چارەسەرنەکردنی دەربڕیوە. لەم ڕوانگیەوە، بەپێی ڕاپۆرتێکی لیژنەیەکی تایبەتی ئەنجوومەنی سیناتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە ساڵی 2009، ئەوە دەرکەوتووە کە چارەسەرکردنی سنوورە ناوخۆییە ناکۆکی لەسەرەکان لە باکووری عێراق پێدەچێت توندترین پرسی سیاسی بێت کە لە چەند ساڵی داهاتوودا ڕووبەڕووی عێراق ببێتەوە و گەورەترین مەترسی لەسەر سەقامگیریی حکومەت دروستبکات (Blair, Dennis C., 2009).

لەپێناو چارەسەرکردنی ئەم پرسە بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دوورکەوتنەوە لە بەریەککەوتن و بەکارهێنانی هێز، لەنێوان لایەنە ناکۆکەکان، یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004، هەڵوەشاوە، و دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005، بایەخیان بە چۆنیەتیی چارەسەرکردنی داوە بە تایبەت لە پارێزگای کەرکوک، و وردەکاریی ئەم پرسە و میکانیزم و هەنگاوە پێویستەکانیان دیاریکردووە. دەسەڵاتە نیشتیمانییە فیدراڵییەکان ئەرکدارکراون کە لەپێناو چارەسەرکردنی ئەم پرسەدا چەندین ڕێکار بگرنەبەر، لەم چوارچێوەسازیە دەستوورییەدا بۆ ئەم پرسە بەشداریی نێودەوڵەتی وەلا نەنراوە، بەڵکو

یاسادانەری دەستووری، لە چوارچێوەیەکی دیارکراودا، ئاماژەی بە پەنابردن بۆ بەشداریی نێودەوڵەتی کردووە.

## گرنگیی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا ڕوانگەی دەستووریی نیشتیمانی بۆ بەشداریی نێودەوڵەتی لە چۆنیەتیی چارەسەرکردنی پرسی ناوچە جێناکۆکەکان لە عێراق، لە هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکی، لە چوارچێوەیەکی سنووردراردا دەخەینەڕوو، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەو هۆکار و پاڵنەرانەی کە وادەکەن ئەم بەشداریکردنە لە هەندێک دۆخدا بە هۆی کەمتەرخەمی لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی دامەزراوە نیشتیمانییەکان، ببێت بە هەنگاوێکی پێویست.

## کێشەی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر کرۆکی پرسی ناوچە جێناکۆکەکان لە چوارچێوەی دەستووری نیشتیمانی لەگەڵ ڕۆڵ و کاریگەری و ئاستی بەشداریی نێودەوڵەتی لە چارەسەرکردنی ئەم پرسەدا کە سروشتێکی نانێودەوڵەتی هەیە و خۆی لە یەکلاکردنەوەی پرسی سنووری کارگێڕی و جوگرافی و خاوەندارێتیی زەوییەکانی ئەو ناوچە جێناکۆکانەدا لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا دەبینێتەوە. لێرەدا چەند پرسیارێک دەخەینەڕوو؛ ڕێسا دەستوورییە نیشتیمانییەکان چۆن ئەم پرسەیان ڕێکخستووە؟ بنەمای دەستووری بۆ بەشداریی نێودەوڵەتی لە چارەسەرکردنی پرسی ناوچە جێناکۆکەکان چۆنە؟ چۆن و لە چ ئەگەرێکدا دەکرێت پەنا ببرێتە بەر بەشداریی نێودەوڵەتی؟ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەنگاونان بەرەو چارەسەرکردنی ئەم پرسە لەڕێگەی ئەنجوومەنی ئاسایش و نێردەی سکرتێرە گشتییەکەی بۆ عێراق چۆن بەشداربووە؟ سروشت و بەهای یاسایی ئەم بەشداریکردنە چییە؟

## میتۆدی توێژینەوەکە

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی توێژینەوەی وەسفی و شیکاری پەیڕەو دەکەین لە ڕێگەی وەسفکردنی دۆخی ناوچە جێناکۆکەکان لەسەر بنەمای یاسایی و حەقیقەتی مێژوویی لەگەڵ شیکارکردنی ماددە دەستووری و یاساییەکان و بڕیارە دادوەرییە دەستوورییەکانی پەیوەست بەم پرسە، هەروەها شیکارکردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش و ڕاسپاردەکانی دەزگا و نێردەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ ئەم پرسە.

## پلانی توێژینەوەکە

لەپێناو وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ناو کێشەی توێژینەوەکەمان، ئەم توێژینەوەیە دابەشدەکەین بەسەر دوو باسی سەرەکیدا: لە باسی یەکەمدا، تیشک دەخەینە سەر سروشتی نانێودەوڵەتیی پرسی ناوچە جێناکۆکەکان، ئەمیش لە دوو تەوەرە پێکدێت، کە بریتین لە بایەخپێدانی دەستووری نیشتیمانی بە پرسی ناوچە جێناکۆکەکان لە عێراق؛ و بەرجەستەبوونی پرسی ناوچە جێناکۆکەکان لە دۆسیە ناوخۆییەکاندا. لە باسی دووەمدا لێکۆڵینەوە لە مامەڵەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە ڕێگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەگەڵ پرسی ناوچە جێناکۆکەکاندا دەکەین، ئەم باسەش دابەش دەکەین بەسەر دوو تەوەرەدا، کە بریتین لە شێوازی بەشدارپێکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پرسی ناوچە جێناکۆکەکان؛ و میکانیزمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی ناوچە جێناکۆکەکان.

## باسی یەکەم

## سروشتی نانێودەوڵەتیی پرسی ناوچە جێناکۆکەکان

ناوچە جێناکۆکەکان لە عێراق یەکێکە لە ناکۆکییە قوڵ و بەردەوامەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتە فیدراڵییەکان، بە تایبەت لە دوای گۆڕینی ڕژێمی سیاسی لە ساڵی 2003 و هاتنەکایەی سیستەمی فیدراڵی، و دانانی بنەما و ڕێسای دەستووری بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە و پشتگوێخستنیان. لە ڕوانگەی هەستکردن بە گرنگیی ئەم بابەتە وەک پرسێکی نیشتیمانی، ڕێسا دەستوورییە نیشتیمانییەکان بایەخی تەواویان بە دۆخی ناوچە جێناکۆکەکان داوە (تەوەرەی یەکەم). هەروەها ئەم ڕێسایانە چۆنیەتیی چارەسەرکردنی پرسی سنووری ناوخۆیی و خاوەندارێتیی خاک، کە کرۆکی پرسی ناوچە جێناکۆکەکانن، ڕوووندەکەنەوە (تەوەرەی دووەم).

### تەوەرەی یەکەم

### بایەخپێدانی دەستووری نیشتیمانی بە پرسی ناوچە جێناکۆکەکان

یاسادانەری دەستووری عێراقی بایەخێکی زۆری بە چۆنیەتیی چارەسەرکردنی پرسی ناوچە جێناکۆکەکان داوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاڵۆزی و هەستیاریی بابەتەکە، بە تایبەت لە پارێزگای کەرکوک. لەم ڕوانگەیەوە، چەند ماددەیەک لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004، هەڵوەشاوە، و دواتر لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی

2005، ئەم پرسە بەرجەستەکراوە و ڕێسای تایبەتی بۆ دانراوە (لقی یەکەم)، بەڵام هێشتا جێبەجێنەکراون و وەک پرسێکی نیشتیمانی چارەسەرنەکراو ماوەتەوە و بەردەوامیی هەیە (لقی دووەم).

### لقی یەکەم

### بەدەستووریکردنی ناوچە جێناکۆکەکان وەک پرسێکی نیشتیمانی

ناوچە جێناکۆکەکان دەستەواژەیەکی دەستوورییە بۆ ئاماژەدان بە باری سیاسی و کارگێڕیی پارێزگای کەرکووک و ئەو ناوچانەی کە بەهۆی سیاسەتەکانی حکوومەتی عێراق لە نێوان ساڵانی (1968–2003) لە ڕووی کارگێڕی و باری دیمۆگرافی گۆڕانکارییان تێدا کراوە، بەکاردێت. بەڵام ئەگەر بە وردتر لەم پرسە بڕوانین بریتییە لەو ناوچانەی کە لە هەرێمی کوردستان دابڕێنراون و بە ناوچە کارگێڕییەکانی دیکە لە دەرەوەی سنووری کارگێڕیی ئێستای هەرێمی کوردستانەوە لکێندراون (ئازاد وەڵەدبەگی،a 2019). لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعث، چەمکی ناوچە جێناکۆکەکان چوارچێوەیەکی دەستووری وەرگرت و لە یەکەم هەنگاودا یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004، هەڵوەشاوە، ئەم چەمکەی بەرجەستەکرد. پێش ئەم یاسایە، لە عێراق ئەم چەمکە چوارچێوەی یاسایی نەبوو، بەڵکو لێکدانەوە و تێڕوانینی سیاسی و مێژوویی بەسەر وەسفکردنی دۆخی ئەم ناوچانە و چەندین ناوچەی تریشدا زاڵبوو. مادده 58 لەم یاسایە، باس لە کەرکوک دەکات وەک ناوچەی سەرەکی و نموونەی باڵا بۆ ئەو ناوچانەی کە جێناکۆکن. ئەم ماددەیە هۆکاری دروستبوونی ناکۆکی لەسەر ئەو ناوچانە ڕوونکردۆتەوە، بەڵام هیچ سنوورێکی کارگێڕی و جوگرافیی دیارکراوی بۆ ئەو ناوچانە دانەناوە و هیچ پێناسەیەکی بۆ نەکردووە و ڕووننەکردۆتەوە کە لە نێوان کێ و کێدا جێناکۆکن، ناکۆکییەکەیان لەسەر چیە، لەسەر بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەیە یان خاوەندارێتیی مێژوویی و نەتەوەیی و کلتووری (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004: مادده 58).

بەهۆی گرنگیی بابەتی ناوچە جێناکۆکەکان، بە پەسەندکردنی دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005، بایەخپێدانی دەستووری بەم پرسە بەردەوامبوو، چونکە دەستووری نوێ یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004، ی هەڵوەشاندەوە جگە لە مادده 53 برگە (أ)، کە تایبەتە بە دانان بە سنووری کارگێڕیی ئێستای هەرێمی کوردستان، و مادده 58 ی ئەم یاسایە، کە تایبەتە بە وردەکاریی دۆخی ناوچە جێناکۆکەکان و ڕێگەچارەکانی چارەسەرکردنی (دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005: مادده 143). دەستووری ساڵی 2005، هاوشێوەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004،

باسی لەم ناوچانە کردووە کە کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە دەگرێتەوە. بەڵام دیسانەوە ماددەی 140 ی دەستووری ساڵی 2005 وردەکاریی پێویستی سەبارەت بە ناوچە جێناکۆکەکان نەخستۆتەڕوو، بەڵکو کەرکوک وەک چەقی ئەو ناوچانە ئاماژەی پێدراوە. هیچ وردەکارییەکی پێویستی نەخستۆتەڕوو سەبارەت بە سروشتی ئەو ناکۆکییە و سنووری کارگێڕی و جوگرافیی ئەو ناوچانە. ئەمەش وایکرد کە جۆرێک لە ناڕوونی لەسەر چوارچێوەی ئەم چەمکە دروست ببێت و پەناببرێتە بەر دادگای باڵای ئیتیحادی عێراق بۆ ڕاڤەکردن. بەپێی لێکدانەوەی ئەم دادگایە، چەمکی ناوچە جێناکۆکەکان (...بریتییە لەو ناوچانەی کە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی ناکۆکییان لەسەرە...) (بڕیاری دادگای باڵای ئیتتیحادی، ژمارە 2017:113 )، بەپێ ئەم لێکدانەوەیە پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێمێک، وەک یەکەی کارگێڕی، کە بەشێک لە خاکەکانیان لە ناوچەی جێناکۆکن نابنە بەشێک لەم پرسە، بەڵکو ناکۆکییەکە تەنها دوو لایەنی نیشتیمانی هەیە، کە بریتین لە حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

شایەنی باسکردنە ئەم چەمکە لەسەر ئاستی یاساکاری و جێبەجێکاری لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوە؛ بەپێی تێگەیشتنی یاسادانەری کوردستانی، ناوچە جێناکۆکەکان، ئەو ناوچانەن کە لە کوردستان – عێراق بە پێچەوانەی واقعی مێژوویی و جوگرافی دابڕێنراون و ڕێکارەکانی بەعەرەبکردن و گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەیانگرێتەوە (یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2010 یاسای دەستەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە: ماددەی 1 برگە 5). بەڵام ئەم یاسایەی کوردستان هیچ وردەکارییەکی سەبارەت بە ڕووبەر یان سنووری کارگێڕیی ئەو ناوچە جێناکۆکانە نەخستۆتەڕوو. لە لایەکی دیکەوە، بەپێی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005 [1]، کە دەستەیەکی جێبەجێکاری سەر بە حکومەتی فیدراڵییە، چەمکی ناوچە جێناکۆکەکان بریتییە لەو ناوچانەی کە بەهۆی پراکتیزەکانی ڕژێمی پێشووەوە ڕووبەڕووی گۆڕینی دیمۆگرافی و سیاسەتی بەعەرەبکردن و گۆڕینی دۆخی دانیشتوان بوونەتەوە، لە ڕێگەی ڕاگواستن و دوورخستنەوە و کۆچپێکردنی تاکەکان لە شوێنی خۆیان وەک کۆچپێکردنێکی بەزۆر و نیشتەجێکردنی خەڵکانی دیکە لە شوێنی ئەوان، و دەستبەسەرداگرتنی موڵک وماڵیان و بێبەشکردنیان لە مافی مامەڵەپێکردن و بێبەشکردنیان لە کارکردن لە ڕێگەی ڕاستکردنەوەی نەتەوە یان یاریکردن بە سنووری کارگێڕیی ئەو ناوچانە بە ئامانجی بەدیهێنانی ئامانجی سیاسیی ڕژێمی پێشوو (لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 لە دەستووری کۆماری عێراق).

کەواتە ناوچە جێناکۆکەکان زیاتر ئەو ناوچانەن کە دەکەونە سەر سنوورەکانی پارێزگاکانی ئێستای ناو سنووری هەرێمی کوردستان، و ئەو ناوچانە لە ڕووی مێژوویی و جوگرافییەوە بەشێکن لە (باشووری کوردستان)، بەڵام بەهۆی واقعی سیاسی و سەربازییەوە لە پێش

ڕووخانی ڕژێمی بەعث کەوتوونەتە دەرەوەی سنووری کارگێڕیی هەرێمی کوردستان و لە دوای ڕووخانیشی هێشتا نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان. کەواتە سەرچاوەی بەرجەستەکردنی ئەم پرسە و هۆکاری دروستبوونیشی بریتییە لە ڕێکار و یاسا و دەستووری نیشتیمانی، هیچ پەیوەندییەکی بە بکەر و یاسای گشتی نێودەوڵەتییەوە نییە. هەردوو لایەنی کێشەکە، لایەنی بەرپرس لە دروستبوونی ئەم پرسە و لایەنی قوربانیش هیچیان بیانی نین بەڵکو نیشتیمانین.

**لقی دووەم**

**ناوچە جێناکۆکەکان وەک پرسێکی دەستووریی نیشتیمانیی بەردەوام**

بۆ چارەسەرکردنی پرسی ناوچە جێاکۆکەکان، بەپێی ڕێسا دەستوورییەکان، پێویست بوو لە ماوەیەکی دیارکراودا چەند هەنگاوێکی گرنگ بنرێت و بە تەواوی یەکلابکرێتەوە، بەڵام هێشتا ئەمە نەهاتۆتەدی. ئەو ماوە یاساییەی کە ماددە 140ی دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005، کاری لەسەر دەکات، بۆ ڕاستکردنەوەی نادادپەروەرییەکان، لە ناوچە جێناکۆکەکان بریتییە لە ڕێکەوتی 17 تەموز 1968 تاوەکو 9 نیسان 2003 (هەمان سەرچاوە). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تەواوی ئەو نادادپەروەرییانەی لە سنووری کارگێڕیی ڕاستەقینەی ئەو ناوچانە و لە دژی مافی خەڵکی ڕەسەنیان ئەنجامدراون لە نێوان ساڵانی 1968-2003، هەر ڕەفتارێک لە پێش یان دوای ئەم ڕێککەوتانە ئەنجامدرابێت، ناکەوێتە ناو چوارچێوەی پرسی ناوچە جێناکۆکەکان.

سەرەڕای بایەخپێدانی دەستووری و یاسایی و لایەنی جێبەجێکاری بە یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە، هێشتا وەک پرسێکی ئاڵۆزی نیشتیمانی ماوەتەوە، بەپێی ماددە 140 برگە دووەم لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005، پێویست بوو گشت قۆناغەکانی ئاساییکردنەوە و ئامار و ئەنجامدانی ڕاپرسی لە کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە لە پێش 31 کانوونی دووەمی 2007، ئەنجامبدرێت بۆ دیارکردنی ویستی هاوڵاتییەکانی ئەو ناوچانە. بەڵام لە دوای تێپەڕبوونی نزیکەی پانزە ساڵ بەسەر ئەو دوا ڕێکەوتەدا هێشتا زۆرینەی هەرە زۆری ئەو هەنگاوانە جێبەجێنەکراون، سنووری کارگێڕی و جوگرافیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سنووری پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێمێک، کە هاوسنووری هەرێمن، یەکلانەکراوەتەوە و نەچەسپێندراوە. وادەردەکەوێت ئەمە لە ترسەوەیە لە ئایندەی هەرێمی کوردستان و ئەگەری نەمانەوەی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، چونکە لە ئەزموونی وڵاتاندا بنەمای سەقامگیری و بەردەوامیی سنوورەکان وایکردووە کە لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتێک، بە تایبەت دەوڵەتێکی فیدراڵی، بۆ چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ، سنوورە کارگێڕییە ناوخۆییەکانی پێشوو وەک خۆیان دەمێننەوە و دەبنە سنووری نێودەوڵەتی بۆ دەوڵەتە نوێیەکان (Saliternik, M., 2017: 115). هەندێکجار،

سنوورە ناوخۆییەکانی پێشوو بە یاسای نێودەوڵەتی دەپارێزرێن، ئەمە لە کاتی هەڵوەشانەوەی یوگسلافیای پێشوو ڕوویدا، کە دەوڵەتی نوێ دروستبوون ڕێگەنەدرا دەستکاری سنوورە ناخۆییەکان بکرێن بێ ڕەزامەندیی ئەوان (Conteh, A., 2023: 171). لەسەر ئەم بنەمایە، ئەگەر سنووری جوگرافیی هەرێم سەقامگیر بێت، لەهەر ئەگەرێکی هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عێراق یان بەدەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان ئەم سنوورە دەبێتە سنوورێکی نێودەوڵەتی و ناکرێت هیچ لایەنێک دەستدرێژی بکاتە سەر.

بەردەوامێتیی کرداری و دەستووریی ئەم پرسە نیشتیمانییە لەسەر چەند ئاستێکی جیاواز سەلمێندراوە؛ لە دوای دروستکردنی چەند دەنگۆیەک لەلایەن لایەنە سیاسییەکان و هەندێک پێکهاتەی ئەو ناوچە جێناکۆکانە، دادگای باڵای ئیتیحادی، لەسەر داوای ئەنجوومەنی نوێنەران، لە ڕاڤەکردنێکیدا لە ساڵی 2019، ڕایگەیاند (... دانانی ماددە 140 لە دەستوور ... بۆ بەدیهێنانی دادپەروەرییە لەو ناوچانەی کە ڕووبەڕووی گۆڕانکاریی دۆخی دانیشتوان بوونەتەوە لە میانەی ڕاگواستن و دوورخستنەوە و کۆچپێکردنی ناچاری و نیشتەجێکردن لە ڕێگەی هەنگاوەکانی ماددەی 58، لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، ئەم هەنگاوانە تەواو نەکراون، بەڵکو هەندێکیان گیراونەتە بەر. بۆیە ئامانج لە دانانی ماددەی 140 لە دەستوور پێویستە بە تەواوی جێبەجێبکرێت، ئەو ماوەیەی کە دانراوە بۆ کاروباری ڕێککاری دانراوە و لایەنە پەیوەندیدارەکانی هانداوە کە جێبەجێیبکەن و هیچ کاریگەرییەکی نابێت لە بەدیهێنانی ئامانجەکەی). لەم ڕوانگەیەوە، دادگای باڵای ئیتیحادی بڕیاریدا بە بەردەوامیدان بە جێبەجێبوونی ماددەی 140 لە دەستووری کۆماری عێراق و کۆتاییەهاتنی ئەو پرسە تاوەکو تەواوی پێداویستییەکانی جێبەجێدەکرێن و ئامانج لە دانانەکەی دێتەدی، بەپێی ئەو هەنگاوانەی کە لە ماددەی 58 لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004، کە لە ماددەی 140 ی دەستووری ساڵی 2005، جەختیان لەسەر کراوەتەوە، دەستنیشانکراون (بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادی، ژمارە 2019:71). ئەم بڕیارەی دادگاش، بەپێی ماددەی 94 لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005، پلەی کۆتایی هەیە و دەبێت گشت دەسەڵاتەکان پێیەوە پابەند بن و هیچ تانەیەکی لێنادرێت.

لەسەر ئاستی بڕیار و ڕێکارەکانی حکومەتی فیدراڵیش ئەم پرسە بەردەوامی هەیە و کۆتایینەهاتووە، لە بەرنامەی کاری کابینە جیاوازەکانی حکومەتی فیدراڵی، لە دوای کۆتاییهاتنی ماوەی دەستووریی، بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە پێویستیی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دراوە، بە نموونە بەپێی خاڵی 15 لە (المحور التنفيذي) لە کارنامەی وەزاریی کابینەی حکومەتی فیدراڵی عێراق ساڵی 2022، ئاماژە بەوە دراوە کە حکومەتی عێراق پابەندە بە تەرخانکردن و خەرجکردنی شایستەکانی ئەو کەسانەی کە بڕیارەکانی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی 140 دەیانگرێتەوە، و حکومەتی عێراقی خۆی پابەندکردووە بە دووبارە

پێکهێنانەوەی لیژنەی باڵای تایبەت بە جێبەجێکردنی ئەو مادده دەستوورییە (موقع رئیس مجلس الوزراء: 2022). ئەمەش دانانێکی ڕوون و ڕاستەوخۆیە بە بەردەوامیی مانەوەی ئەم پرسە و بنەما دەستوورییەکەی لە ڕوانگەی حکومەتی فیدراڵییەوە کە ئەرکی جێبەجێکردنی گشت هەنگاوە پێویستەکانی ناو ماددەی 140ی دەستووری ساڵی 2005 ی پێسپێردراوە. لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش پرسی ناوچە جێناکۆکەکان بەردەوامی هەیە و کۆتاییپێنەهاتووە: یەکێک لە دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتییە لە (دەستەی گشتیی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم)، کە کاری سەرەکیی بریتییە لە بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005، کۆکردنەوە و بەدۆکیومێنتکردنی بەڵگەکانی پەیوەست بەو ناوچانەیە (ویبسایتی دەستە). هەروەها بەپێی مادده 29 بڕگە دەیەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بەرکار، یەکێک لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان بریتییە لە لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم. کەواتە دامەزراوەی جێبەجێکاری و لیژنەی پەرلەمانی تایبەتی کوردستانی هەن کە بەدواداچوونی بەردەوامیان بۆ دۆخی ئەو ناوچانە و جێبەجێکردنی ئەو مادده دەستوورییە هەیە.

سەرباری ئەوەی ئەم پرسە پرسێکی نیشتیمانییە، بەڵام بەردەوامێتییەکەی سنووری وڵاتی تێپەڕاندووە، لەم ڕوانگەیەوە لە دوایین بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ درێژکردنەوەی ئەرکی یونامی (The United Nations Assistance Mission (UNAMI for Iraq، داوا لە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی و یونامی دەکات، لەسەر داوای حکومەتی عێراقی، ئامۆژگاری و هاریکاری و پاڵپشتیی ئەنجوومەنی نوێنەران و حکومەتی عێراقی بکات لە چارەسەرکردنی سنوورە ناوخۆییە جێناکۆکەکان ( United Nations Security Council (Resolution, S/RES/2631, 2022). لە لایەکی دیکەشەوە، لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەبارەت بە دۆخی عێراق لە ڕێکەوتی 2 شوباتی 2023، نوێنەری عێراق لەم ئەنجوومەنە بە ئەندامەکانی ڕاگەیاند کە (... وەک بەشێک لە هەنگاوە گرنگەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حکومەتی فیدڕاڵی لە بەغدا و هەرێمی کوردستان، ... سەرۆکێک بۆ لیژنەی تایبەت بە ماددەی 140 لە دەستووری عێراق دادەمەزرێنرێت...) ( United Nations Security Council, S/PV.9253, 2023). کەواتە ئەم پرسە نیشتیمانییە دەستوورییە لەسەر ئاستی نیشتیمانی و نێودەوڵەتیش دان بە بەردەوامبوونیدا دەنرێت.

## تەوەرەی دووەم

## بەرجەستەبوونی پرسی ناوچە جێناکۆکەکان لە دۆسیە ناوخۆییەکاندا

پرسی ناوچە جێناکۆکەکان لە دوو دۆسیەی سەرەکیی نیشتیمانیدا بەرجەستە دەبێت، کە بریتین لە سنووری ناوچە جێناکۆکەکان، کە پەیوەندی بە چەسپاندنی سنووری ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستانەوە هەیە وەک یەکەیەکی فیدراڵی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا (لقی یەکەم)، لەگەڵ پرسی خاوەندارێتیی خاک لەو ناوچانە کە زیاتر پەیوەندی بە مافی خاوەندارێتیی تاکەکان و دانیشتوانی ئەو ناوچانە هەیە (لقی دووەم). ئەم دوو بابەتە لەیەک ماددەی دەستووریدا بەرجەستەکراون، بەڵام ڕوانگە و بایەخپێدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ هەردووکیان وەکیەک نییە و جیاوازە.

### لقی یەکەم

### بەرجەستەبوونی پرسی ناوچە جێناکۆکەکان لە سنووری ناوخۆییدا

سنوور، ناوخۆیی بێت یان نێودەوڵەتی، گرنگیی زۆری هەیە و ئامرازێکی بنەڕەتیی هەر دەوڵەتێکە بۆ ئەوەی بتوانێت گەشە بە دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و یاسایی و دیبلۆماسیی خۆی بدات. بیرۆکەی سنووردانان لەنێوان وڵاتان لێکەوتەی گرنگی هەیە بۆ سەروەرییان و سەلماندنی هەبوونی دەوڵەتە لە بەرانبەر دەوڵەتانی دیکە ((Chautard, S., 2006: 193). لە ناو هەر دەوڵەتێک کە پەیڕەوی لە سیستەمی فیدراڵی دەکات دابەشکردنی ئاسۆیی و ستوونی لەنێوان ئاستە جیاوازەکانی حوکمڕانی هەیە، هەریەک لەو ئاستە جیاوازانە دەسەڵات و تایبەتکاریی یاسایی و دەستوورییان هەیە کە لە چوارچێوەی سنووری جوگرافی و کارگێڕیی دیارکراوی خۆیاندا مومارەسەیان دەکەن، هەر سەرپێچییەک بۆ ئەو سنوورانە سەرپێچییە بۆ سەر سنووری تایبەتکارییە دەستوورییەکان. لەسەر ئاستی دەوڵەت، جا فیدراڵی بێت یان نا، سنوورە نێودەوڵەتییەکان بەپێی یاسای نێودەوڵەتی دەکێشرێن و بە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی یەکلادەکرێنەوە، بەڵام سنوورە ناوخۆییەکانیان بەپێی یاسا و ڕێسا نیشتمانییەکان دادەڕێژرێن و دەکەونە ناو چوارچێوەی دروستکردنی بڕیاری سیاسییەوە، هەندێکجار ناکۆکی لەسەر سنوورە ناوخۆییەکان، کە زیاتر بۆ ئاسانکاریی ئیداری و سیاسی داڕێژراون، توندوتیژی و قەیرانی مرۆیی سەختی لێکەوتۆتەوە (Oduntan, G., 2015: 64).

لە نێوان ساڵانی 1968 تاکو 2003، ڕژێمی بەعث لە ڕێگەی سەرۆک کۆمار و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، هەڵوەشاوە، چەندین مەرسوم و بڕیاری دەرکرد بۆ گۆڕینی سنووری ئەو ناوچانەی ئێستا پێیان دەوترێت جێناکۆک (ئازاد وەڵەدبەگیb، 2019) ، و تا ئێستا شوێنەوارەکانی زۆرێک لەو پرۆسە نادادپەروەرانە هەر ماون. ململانێ لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان و سنوورە ناوخۆییە دەستکاریکراوەکان لە عێراق مێژوویەکی درێژی هەیە، لە پێش چەسپاندنی فیدراڵیزم و تەنانەت لە دوای چەسپاندنی فیدراڵیزمیش، و هەندێکجاریش هێز بەکارهێنراوە بۆ یەکلاکردنەوەیان. بە شێوەیەکی گشتی، لە عێراقدا، خاکی بەدەستهاتوو، لە ناوچە جێناکۆکەکان، هەمیشە لە کاتی گۆڕانکاری لە هاوسەنگیی هێز لە نێوان حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستاندا ڕوویداوە: لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2014 بە پشتیوانی ئەمریکا، و لە بەرژەوەندیی بەغدا لە ساڵی 2017 بە پاڵپشتی ئێران و بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی (Roussel, C., 2018: 81). ئەمەش وایکردووە کە ناکۆکی و پشێویی بەردەوام لەسەر ئەو سنوورە ناخۆییانە هەبن.

بە پێی بڕیارێکی دادگای باڵای ئیتیحادی، لایەنی تایبەتمەند بۆ دیارکردنی ناوچەیەک وەک جێناکۆک بریتییە لەو لایەنەی کە ماددەی 140 برگە یەکەم لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005، دیاریکردووە، کە بریتییە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن (بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادی، ژمارە 2017:113). لە بڕیارێکی دیکەدا، ئەم دادگایە ڕایگەیاندووە کە یەکلاکردنەوەی ئەم بابەتە و دیارکردنی ئەو زەوییانەی کە جێناکۆکن لە تایبەتکاریی ئەو لیژنەیە دەبێت کە بەپێی ماددەی 140 پێکهێنرا (بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادی، ژمارە 2018:43). کەواتە بە شێوەیەکی گشتی، پێناسەکردنی سنووری هەرێمی کوردستان لە عێراق ئاسان نییە، چونکە دۆخی ناوچە ناکۆکەکان چوونیەک نییە، بوونی پێکهاتە جیاوازەکان لەسەر ڕووبەری ناوچە جێناکۆکەکان، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە کورد و عەرەب و تورکمان پێکدێن، و بوونی سەرچاوەی وزەی زۆر لەو ناوچانە، هۆکارن بۆ ئەوەی کۆنترۆڵیان نادیار بێت و بەڕێوەبردنیان ململانێ دروستبکات (Roussel, C., 2014: 74).

بەپێی دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005، عێراق دەوڵەتێکی یەکپارچەیە (دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005: ماددە 1)، بەڵام لەسەر ئاستی ناوخۆ لە ڕووی کارگێڕییەوە پارچە پارچەیە و پایتەختی وڵات و هەرێمەکان و هەر پارێزگایەکی ڕێکنەخراو لە هەرێمێک سنوورێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە تیایدا دەسەڵاتە ناوخۆییەکان مومارەسەی تایبەتکارییە یاسایی و دەستوورییەکانیان دەکەن (دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005: ماددەکانی 110 برگە 3، و 124). بەپێی ماددەی 53 برگە (أ) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004، هەڵوەشاوە، هەرێمی کوردستان سنوورێکی هەیە کە پەیوەست کراوە بە دوفاکتۆ *De Facto* یەکی یاسایی و سیاسی، و لە ڕێکەوتێکی دیارکراودا، کە بریتییە لەو

زەوییانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی 19 ئازار 2003 بەڕێوەیبردوون لە پارێزگاکانی دهوک، هەولێر، سلێمانی، کرکوک، دیالی و نینوی. ئەم بڕگەیەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە وەک خۆی گواستراوەتەوە بۆ ناو دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005، لە ماددە 143ی لەم دەستوورەدا بە ڕوونی ئاماژە بەوە دراوە کە ئەم بڕگەیە بەرکارە و هەڵنەوەشاوەتەوە. لەهەمان یاسادا، زۆر بە ڕوونی دانبەوەدانراوە، کە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو، بە مەبەستی هێنانەدیی ئامانجی سیاسی یاری بە سنوورە کارگێڕییەکان کراوە (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004، هەڵوەشاوە: ماددە 58 بڕگەی ب). ئەم ماددەیە وردەکاریی دەستکاریکردن و گۆڕینی سنوورە کارگێڕییەکانی ڕوونەکردۆتەوە، بەڵکو دەسەڵاتی داوە بە حکومەت کە ڕاسپاردە پێشکەشبکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو گۆڕانکارییە نادادپەروەرانە.

ئەو سنوورە فەرمییەی ئێستای هەرێمی کوردستان کە دەستوور دانیپێداناوە دەکەوێتە ناو (هێڵی سەوز)، ئەو هێڵە ئاگربەستەی کە لە دوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە ساڵی 1991 دامەزرا (Kane, S., 2011: 7). لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا هیچ هێڵێکی سنووری جیاکەرەوەی فەرمی بە ناوی (هێڵی سەوز) لەنێوان ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەوان و ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستان نەبوو، بەڵکو ئەمە زیاتر هێڵێکی ئاگربەست بوو کە (ناوچەی ئارام)ی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی جیادەکردەوە (ئازاد عوسمان، 2013: 32). دیارکردنی ئەم سنوورە دوفاکتۆیە *De Facto* بنەمایەکی نێودەوڵەتی هەیە و دەکەوێتە دوای دەرچوونی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان UN/RES/688 (1991) کە بنەمای باشترکردنی دۆخی مرۆیی و ئاسایشی لە عێراق دانا، بەڵام باسی لە دیارکردنی سنووری جوگرافی و کارگێڕی و ناوخۆیی نەکردبوو، بەڵکو لە ڕێکەوتی 16ی نیسانی 1991 بڕیاردرا بە دروستکردنی ناوچەی دژە فڕین لە باکووری عێراق (هەرێمی کوردستان)، ئەمەش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە ( Seyder, Ferhad I., 2019: 54)، هەرچەندە بڕیاری 688 ی ئەنجوومەنی ئاسایش دەقی لەسەر دروستکردنی ناوچەی دژەفڕین نەدابوو، بەڵام ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا لە سەپاندنی ئەم ناوچەیەدا، لە دژی جموجۆڵی سوپای عێراق لە باکووری وڵات پەنایان بۆ برد ( Kramlinger, George D., 2001: 31)، پشتیان بە ناوەڕۆکەکەی بەستبوو بۆ ڕەوایەتیدان بەم هەنگاوەیان. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دروستکردنی ئەم سنوورە دوفاکتۆ *De Facto* یەی هەرێمی کوردستان، کە لەناو دەقە دەستوورییەکاندا جەختی لەسەر کراوەتەوە، نە ویستی گەلی کوردستانی لە عێراق لەسەر بووە، نە ویست و ڕەزامەندیی دەوڵەتی عێراقی لەو سەردەمەدا لەسەر بووە، بەڵکو بە ویستی هێزێکی نێودەوڵەتی دروستکراوە و لەدژی هەڕەشەی سوپای عێراقیش پارێزراوە. کورد لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس ئەم سنوورەی بە شێوەیەکی کاتی

قبوڵکردووە تاوەکو ڕێکارە دەستوورییەکانی تایبەت بە یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ناوچە جێناکۆکەکان جێبەجێدەکرێن.

**لقی دووەم**

**بەرجەستەبوونی پرسی ناوچە جێناکۆکەکان لە مافی خاوەندارێتیی خاکدا**

ناوچە جێناکۆکان لە عێراق تەنها پرسی دەستکاریکردنی سنووری کارگێڕیی چەند پارێزگا و قەزا و ناحیەیەک لەنێوان هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتە فیدڕاڵییەکان، بە ئامانجی تێکدانی هاوسەنگیی نەتەوەیی و ئامانجی سیاسی، ناگرێتەوە، لە پرسێکی سەرەکی دیکەشدا بەرجەستە دەبێت، کە بریتییە لە کێشەی خاوەندارێتیی خاک و زەوییەکانی ئەو ناوچانە. لە سەردەمی بەعسدا لە هەندێک لە ناوچە جێناکۆکەکان خاوەن موڵکەکان، بە تایبەت لە نەتەوەی کورد، لە ڕێگەی ڕاگواستنی زۆرەملێ و کۆچپێکردنی بەزۆر، بە تایبەت کەرکوک، لە مافی خاوەندارێتی بێبەشکرابوون و دەربەدەرکرابوون، دوورخرابوونەوە لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان. خاوەندارێتیی موڵکەکانیان، بێ ڕەزامەندیی خاوەنەکانیان و پێدانی قەرەبوو، خرابووە سەر دەوڵەت یان کەسانی نامۆ کە لە ناوچەکانی دەرەوەی ناوچە جێناکۆکەکان هێنرابوون و لە شوێنی خەڵکی ڕەسەن نیشتەجێکرابوون. ئەم دەستبەسەرداگرتنەی موڵک و ماڵە لەناو ماددەی 58 برگەی (أ) یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە دانپێدانراوە. بەپێی ڕێسا دەستوورییەکان لە ماددەی 58 لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، و ماددەی 140 لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005، پێویستە حکومەتی عێراقی ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ لابردنی ئەو ستەمە و موڵکەکان بگەڕێنرێنەوە بۆ خاوەنەکانیان، ئەگەرنا قەرەبوویەکی دادپەروەرانەیان بکاتەوە.

بەپێی ماددەی 58 برگەی (أ) خاڵەکانی (1 و 2) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004، هەڵوەشاوە، دەبێت کەسانی ڕاگوێزراو بگەڕێنرێنەوە شوێنی خۆیان و نیشتەجێبکرێنەوە و دەوڵەتیش قەرەبوویان بکاتەوە و پارچە زەوییان پێ بدرێت. ئەم هەنگاوانەش لە ڕێگەی دەستەی باڵای چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی خاوەندارێتیی زەویوزارەوە دەبێت، کە دەستەیەکی نیشتیمانییە، لە ساڵی 2010 ەوە ناوەکەی گۆڕاوە و بۆتە (دەستەی داواکاری موڵکداری–هيئة دعاوى الملكية). ئامانجی ئەم دەستەیە بریتییە لە دەستەبەرکردنی مافەکانی هاوڵاتییان کە بە پێچەوانەی یاساوە زەویوزاریان لێسەندراوەتەوە، و پارێزگاریکردن لە ماڵی گشتی و چارەسەرکردنی ناهاوسەنگی لەنێوان بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتییان و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت (قانون هيئة دعاوى الملكية رقم 13 لسنة 2010: المادة 2). تەواوی ئەم هەنگاو و ڕێکارە پێویستانە لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005، دا بەپێی ماددە

140 چەسپێندراون، کە پێویستە حکومەتی فیدڕالی، گشت هەنگاوە پێویستەکان بگرێتەبەر بە تەواوکردنی پێداویستییەکانی ماددەی 58 بە گشت بڕگەکانیەوە. ئەگەرنا بیانگەیەک دروستدەبێت، کە دەوڵەتانی دیکەش دەستوەردان لەم بابەتە بکەن و لە پرسی دیکەشدا هەوڵی ئەوە بدەن کە ویستی دەرەکی خۆی بەسەر ویستی نیشتیمانیدا بسەپێنێت. ئەگەر ناکۆکییەکیش لەسەر ڕێسا دەستوورییەکان هەبێت ئەوا دەتوانن داوا لە دادگای باڵای ئیتیحادی بکەن بۆ ڕاڤەکردنی پێویست (منذر الفضل، 2010: 221-220).

لە پرسی گەڕاندنەوەی خاوەندارێتیی موڵک و ماڵەکان بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانیان، هیچ جۆرە بەشداری یان هاوکارییەکی نێودەوڵەتی لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004، هەڵوەشاوە، و دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005، ڕەچاونەکراوە، بەڵکو تەواوی هەنگاوەکان نیشتیمانین و بڕیارەکانی دروستکردنی نادادپەروەرییەکانیش ناوخۆیی بوون. ئەم پرسە زیاتر پەیوەندی بە بەرژەوەندی و مافی تاکەکانەوە هەیە تاوەکو یەکەی کارگێڕی و قەوارەی سیاسی. سەرباری ئەمەش، ئەگەر کێشەی سنووری کارگێڕی و جوگرافی چارەسەر بکرێت، ئەوا چارەسەرکردنی کێشەی خاوەندارێتیی زەوییەکانی ئەو ناوچانە ئاسانتر و ڕوونتر دەبێت. بەپێی بڕگە (ج) لە ماددەی (58) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004، هەڵوەشاوە، تا گشت ڕێکارەکانی ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەو ناوچانە، لە یەکلاکردنەوەی سنوور و گەڕانەوەی خەڵکانی کۆچپێکراو و ناردنەوەی خەڵکانی هاوردەکراو، تەواو نەبن ئەوا زەوییە ناکۆکی لەسەرەکان بە شێوەی کۆتایی یەکلاناکرێنەوە. لە گشت حاڵەتێکدا دەبێت ئەم یەکلاکردنەوەیە لەسەر بنەمای دادپەروەری بێت و ڕەزامەندیی خەڵکی ئەو ناوچانەی لەسەر بێت، جا چارەسەرکردنەکە هەرچۆنێک بێت.

## باسی دووەم

### مامەڵەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ پرسی ناوچە جێناکۆکەکان

پرسی ناوچە جێناکۆکەکان لەنێوان دوو لایەندایە کە سەر بە یەک وڵاتن و ئەو بابەتانەی دەکەونە چوارچێوەی ئەم پرسەشەوە نیشتیمانین، کەواتە هیچ ڕەگەزێکی دەرەکی لەم پرسەدا لایەن نییە. بەڵام بە ویستی یاسادانەری دەستووری نیشتیمانی، لە حاڵەتی دیارکراودا ڕێگەدراوە، کە لە ڕێگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بە تایبەت ناوبژیوانکار، بهێنرێتە ناو هەوڵ و هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی ئەم پرسە (تەوەرەی یەکەم). هەندێکجار، لە دەرەوەی تێڕوانینی یاسادانەری دەستووریش، ئەم ڕێکخراوە هەوڵ و دەسپێشخەری هەبووە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە (تەوەرەی دووەم).

## تەوەرەی یەکەم

## شێوازی بەشدارپێکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پرسی ناوچە جێناکۆکەکان

بەپێی ڕێسا دەستوورییە بەرکارەکان، دەسەڵاتە نیشتیمانییەکان ئەرکیان پێسپێردراوە بۆ گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ چارەسەرکردنی پرسی ناوچە جێناکۆکەکان و سڕینەوەی شوێنەواری نادادپەروەرییەکانی سەردەمی ڕژێمی پێشوو، کە لەم ناوچانە ئەنجامی داون. ئەگەر ئەم دەسەڵاتانە لە هەنگاوە ئاساییەکانی خۆیان سەرکەوتوو نەبوون ئەوا دەکرێت پەنا ببەنە بەر ناوبژیوانێک کە خۆیان دەستنیشانی بکەن (لقی یەکەم)، یان داوا لە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن بۆ دەستنیشانکردنی ناوبژیوانێکی نێودەوڵەتی (لقی دووەم).

### لقی یەکەم

### دەستنیشانکردنی ناوبژیوان لەلایەن دەسەڵاتی نیشتیمانییەوە

مادده 58 برگە (ب)، لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناعی گواستنەوە ساڵی 2004، هەڵوەشاوە، سەرۆکایەتی و حکومەتی ڕاگوزەری عێراقی پابەندکردووە کە ڕاسپاردەکان پێشکەش بە (کۆمەڵەی نیشتیمانی) بکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو گۆڕانکارییە نادادپەروەرانەی کە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو لە سنووری کارگێڕیی ناوچەکانی عێراق بە مەبەستی هێنانەدیی ئامانجی سیاسی ئەنجامدرابوون. هەر ئەم برگە دەستوورییە ڕەچاوی ئەوەی کردبوو، کە ئەم لایەنانە نەتوانن بە کۆدەنگی ئەرکەکەیان ڕاپەڕێنن، ئەم مادده دەستوورییە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی، کە پێکهاتبوو لە سەرۆکی کۆمار و دوو جێگری و لەلایەن کۆمەڵەی نیشتیمانییەوە هەڵبژێردرابوون (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004، هەڵوەشاوە: مادده 3)، ناچارکردبوو کە (... ئەگەر سەرۆکایەتی نەتوانن بە کۆی دەنگ چەند ڕاسپاردەیەک پێشکەش بکەن، دەبێت ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی بە کۆی دەنگ ناوبژیوانێکی بێلایەن دەستنیشانبکەن بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە و پێشکەشکردنی ڕاسپاردەکان...). لێرەدا هەر یەکێک لەو سێ ئەندامەی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی مافی ڤیتۆی هەبوو لەسەر گرتنەبەری هەر هەنگاوێک لەمەڕ ئەم بابەتە، هەر یەکێکیان دژ بووایە ئەوا ڕاسپاردەکان پێشکەشنەدەکران و کاریان پێنەدەکرا. تەنانەت ئەگەر ڕاسپاردەکانیش ئامادەبکرانایە، ئەوا دەبوو بدرێن بە ئەنجوومەنی نوێنەران کە هیچ گرەنتییەک نەبوو لەوێ قبوڵبکرێن (جوهر نامق سالم، 2007: 99).

لە دوای پەسەندکردنی، دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005، ماددەی 58 لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە هەڵنەوەشاندۆتەوە، بەڵکو بەردەوامی پێدا و

و بووە بەشێک لەم دەستوورە. ئەم ماددەیە کردوویەتی بە ئەرک بەسەر ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی کۆماردا کە ناوبژیوانێکی بێلایەن دابنێت. بە تێڕوانینی ئێمە بۆ ناوەڕۆکی ماددەکانی 140 و 143، لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005، لە ئێستادا، لە ئەگەری سەرنەکەوتنی ڕێکارە یاسایی و دەستوورییە ئاساییەکاندا، سەرۆککۆمار دەتوانێت ئەو دەسەڵاتە بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی ئەم ناوبژیوانە بێلایەنە دابنێت، چونکە بەپێی ناوەڕۆکی ماددە 138 لەم دەستوورە لە دوای یەک خول (چوار ساڵ) لە کەوتنە بواری جێبەجێکردنی ئەم دەستوورەوە، ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی نامێنێت و سەرۆکایەتیی کۆمار دێتەکایەوە و شوێنی دەگرێتەوە. هەروەها بەپێی ماددەی 73 بڕگەی دەیەم لەم دەستوورە دەسەڵاتەکانی سەرۆککۆمار بە حصری دیارنەکراون، بەڵکو بەپێی ئەم ماددەیە سەرۆککۆمار دەتوانێت مومارەسەی هەر سەلاحیەتێکی دیکەی سەرۆکایەتی بکات کە لەم دەستوورەدا هاتووە. بڕگە (ب) لە ماددەی 58 لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004، هەڵوەشاوە، کە لەناو هەردوو بڕگەی ماددەی 140، و ماددەی 143 ی دەستووری ساڵی 2005 بە گشت بڕگەکانیەوە دانی پێدانراوە، سەلاحیەتێکی تری دەستوورییە بۆ سەرۆککۆمار، و دەتوانێت لەپاڵ سەلاحیەتە دەستوورییەکانی دیکەی مومارەسەی بکات. کەواتە سەرۆککۆمار، بە تەنها، مومارەسەی ئەو دەسەڵاتانە دەکات کە پێشتر بە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی کۆمار سپێردرابوون.

ئەوەی جێگەی تێبینییە ڕێسا دەستوورییەکان، جگە لە مەرجی (بێلایەنی)، هیچ پێوەرێکیان بۆ ئەم ناوبژیوانە لە ڕووی نەتەوە، ڕەگەزنامە و ئەزموون و بواری پسپۆڕی و نەتەوەیی،... هتد، دیارنەکردوە. ئاماژە بەوە دراوە ئەم ناوبژیوانە تەنها ڕاسپاردەی دەبێت، ڕاسپاردەش سیفەتی پابەندکاری نییە، واتە بۆی نییە بڕیار دەربکات، بەڵکو دەسەڵاتە نیشتیمانییەکان دەتوانن ئەم ڕاسپاردانە قبوڵ بکەن یان ڕەتیان بکەنەوە. شایەنی باسکردنە، ئەم جۆرە ناوبژیوانێتییە ملکەچ نییە بۆ ڕێساکانی ناوبژیوانیی نێودەوڵەتی، چونکە پرسەکە لە نێوان دەوڵەتان نییە، و ملکەچیش نییە بۆ ڕێسای ناوبژیوانیی ناوخۆیی عێراقی، چونکە دەقە دەستوورییەکان باسی ئەم بابەتەیان نەکردووە، کە ناوبژیوان ملکەچ دەبێت بۆ چ ڕێسایەک. شایەنی باسکردنە ماددەکانی 251 تاکو 276 لە قانون المرافعات المدنية العراقي رقم 83 لسنة 1969، المعدل، بابەتی ناوبژیوانی و چۆنیەتیی چارەسەرکردنی کێشەکان بە ناوبژیوانی لە ناو یاسای عێراقی و دادگای عێراقی ڕووندەکەنەوە. لە ڕاستیدا، چوارچێوەی گشتیی یاسایی پرسی ناوچە جێناکۆکەکان ڕوونە، ئەگەر ویستێکی ڕاستەقینە هەبێت دەکرێت بە هەمان ڕێکاری یاسایی و کارگێڕی ئەو نادادپەروەرییانەی سەردەمی پێشوو هەڵبوەشێنرێنەوە. پێمانوایە دانانی ناوبژیوان بە جۆرێک لە جۆرەکان کەمکردنەوەیە لە توانا و کاریگەری و گرنگیی دامەزراوەی دادوەری و یاسادانان و جێبەجێکاری لە چارەسەرکردنی ئەم پرسە، بۆیە لە حاڵەتێکدا ئاساییە پەنای بۆ ببرێت ئەگەر ئەم دەزگایانە کاری خۆیان نەکەن، بەڵام تاکو ئێستا ئەم میکانیزمە کاری پێنەکراوە.

## لقی دووەم

## دەستنیشانکردنی ناوبژیوان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە

بە شێوەیەکی گشتی، نەتەوە یەکگرتووەکان وەک ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی دەستوەردان لەو کاروبارانە ناکات کە دەکەونە چوارچێوەی تایبەتکاریی نیشتیمانیی دەوڵەتانەوە، و ئەندامەکانی ناچار ناکات کاروبار و کێشەی ناوخۆیی خۆیان بەپێی ڕێکارەکانی ناو چارتەرەکەی چارەسەربکەن (United Nations Charter, 1945: Article 2. 7). لە چارەسەرکردنی پرسی ناوچە جێناکۆکەکانی عێراق ئەم پابەندێتییە یاساییەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەنگدانەوەی هەبووە، بەڵام دەستووری نیشتیمانی پەنابردن بۆ ئەم ڕێکخراوەی کردۆتە یەکێک لە ئەگەرەکان. بەهۆی هەستیاریی پرسی ناوچە جێناکۆکەکانەوە، بە تایبەت بەشی پەیوەست بە گۆڕانکاری لە سنوورە کارگێڕییەکان، یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004، هەڵوەشاوە، ماددەی 58 بڕگەی (ب)، پێشبینی ئەوەی کردووە کە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی عێراق نەتوانێت بە کۆی دەنگ کەسایەتییەکی بێلایەن وەک ناوبژیوان، بۆ پێشکەشکردنی ڕاسپاردە، دەستنیشان بکات. بۆیە لەم ئەگەرەدا ڕێسا دەستوورییەکان ئەنجوومەنی سەرۆکایەتییان پابەندکردووە کە دەبێت داوا لە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات بۆ دەستنیشانکردنی کەسایەتییەکی ناوداری نێودەوڵەتی (شخصية دولية مرموقة) بۆ ئەوەی هەڵبستێت بە ئەنجامدانی ناوبژیوانییە پێویستەکە (...وفي حالة عدم قدرة مجلس الرئاسة على الموافقة على محكّم، فعلى مجلس الرئاسة أن يطلب من الأمين العام للأمم المتحدة تعيين شخصية دولية مرموقة للقيام بالتحكيم المطلوب). ئەم بڕگە دەستوورییە ئاماژە بەوە دەدات کە کەسایەتییەکی ناودار ئەم ڕۆڵە ببینێت نەک دادگایەکی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی، و هیچ مەرج و تایبەتمەندییەکی ئەو کەسایەتییە، جگە لە ناوداریتی، دیارنەکراوە، کە سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان دەستنیشانیبکات. بە پێچەوانەی ناوبژیوانی بێلایەن کە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی دەبوو دەستنیشانیبکات، ئاماژە بە هێزی یاسایی ناوبژیوانیکردنەکەی ئەو ناوبژیوانە نەدراوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان دەستنیشانیدەکات، لە چوارچێوەی ڕاسپاردەدا دەمێنێتەوە یان سیفەتی پابەندکاری دەبێت چونکە دەقەکە دەڵێت (... للقيام بالتحكيم المطلوب)، و ڕوونی نەکردۆتەوە کە ناوبژیوانیکردنەکە لە نێوان کام لایەنانەدا دەبێت، ئاماژە بەوە نەدراوە کە پەنابردن بۆ ئەم ناوبژیوانیکردنە تەنها یەکجارە یان دەکرێت زیاتر لە جارێک بێت، چۆن و بە چ میکانیزمێک سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم کەسایەتییە دەستنیشاندەکات، ئەوەش ڕووننەکراوەتەوە هەرێمی کوردستان، کە لایەنێکە لە ناکۆکییەکە، ڕۆڵی لەم بابەتەدا چی دەبێت.

ئەم ڕۆڵپێدانە بە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەیەکی ڕوونە بە گرنگیدان بە بەشداریی نێودەوڵەتی لە چارەسەرکردنی پرسێکی نیشتیمانیدا، چونکە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە

شێوەیەکی گشتی ئەم ڕۆڵە لە چارەسەرکردنی گرفتی نێوان دەوڵەتەکاندا دەبینێت نەک لە ناکۆکییەکانی نێوان ناوچە و دەسەڵاتە نیشتیمانییەکانی یەک وڵات[٢]. جێگەی ئاماژەپێدانە، ئەم پابەندکردنەی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی هەنگاوێکە لە ئەنجامی شکستهێنانی هەوڵ و گرتنەبەری ڕێکاری پێویست لەلایەن دەسەڵاتە نیشتیمانییەکانەوە دێتەکایەوە، بەو مانایەی ئەگەر ئەمان لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە یاساییەکانی خۆیان سەرکەوتوو بن ئەوا پێویست بەمجۆرە ڕۆڵپێدانە ناکات. پێمانوایە ئەم ڕۆڵپێدانە بە فاکتەری نێودەوڵەتی لە چارەسەرکردنی پرسی دەستکاریکردنی سنوورە کارگێرییە ناوخۆییەکان لە عێراق، لە کاتێکدا هیچ لایەنێکی ناکۆکییەکە بیانی نین، بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندی، ئەگەر ناڕاستەوخۆش بێت، نزیکایەتی لەگەڵ ئەو حەقیقەتە هەیە کە ویستی نێودەوڵەتی کاریگەری هەبووە لە دروستکردنی سنووری دوفاکتۆ *De Facto* ی ئێستای هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بە داواکردنی دەستنیشانکردنی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لەلایەن سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێستا ماددەی 58 لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004، هەڵوەشاوە، بە حوکمی ماددەکانی 140 و 143 لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005، بە کۆی بڕگەکانیەوە بەردەوامە و کۆتایینەهاتووە، بەڵام ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کۆتاییهاتووە و نەماوە. ئێستا سەرۆککۆمار دەتوانێت ئەو دەسەڵاتە بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی ئەم داوایە پێشکەش بکات، چونکە بەپێی ماددەی 138 لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005، لە دوای یەک خول (چوار ساڵ) لە جێبەجێکردنی دەستووری نوێوە، ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی نامێنێت و سەرۆککۆمار شوێنی دەگرێتەوە و مومارەسەی ئەو دەسەڵاتانە دەکات کە پێشتر ئەنجومەنی سەرۆکایەتیی کۆمار هەیبووە. و بەپێی ماددە 73 بڕگەی دەیەم لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005، پەنابردن بۆ ئەم میکانیزمە دەبێتە سەلاحیەتێکی تری دەستووری بۆ سەرۆککۆمار، بەڵام لەبەر هەستیاریی ئەم بابەتە تاکو ئێستا پەنا بۆ ئەم میکانیزمە نەبراوە.

### تەوەرەی دووەم

### میکانیزمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی ناوچە جێناکۆکەکان

بەدەر لە ڕێسا دەستوورییەکان بۆ چۆنیەتیی بەشدارییپێکردنی ئەم ڕێکخراوە، لە ڕووی کردارییەوە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر دوو ئاست بەشداری و ڕۆڵی هەبووە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی ناوچە جێناکۆکەکان و هاوکاریکردن لە بەرەوپێشبردنی هەنگاوەکانی چارەسەرکردن یان هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو و دادپەروەرانە، ئەوانیش

بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش (لقی یەکەم)، و هەوڵەکانی نوێنەرایەتیی ئەم ڕێکخراوە لە عێراق (لقی دووەم).

### لقی یەکەم

### مامەڵەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەگەڵ پرسی ناوچە جێناکۆکەکان

بەپێ چارتەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی 1945، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم ڕێکخراوە بریتییە لە پارێزگاریکردن لە ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی، لەم پێناوەشدا ڕێوشوێنی کاریگەر دەگرێتەبەر بۆ ڕێگریکردن لەو هۆکارانەی کە هەڕەشەیان لێدەکەن (United Nations Charter, 1945: Article 1. 1). لەم ڕوانگەیەوە ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بەم ڕێکخراوە دەسەڵاتی بەرفراوانی پێدراوە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بە ڕێگەی ئاشتییانە و دوور لە بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی لە نێوان دەوڵەتەکان، کە ئەندامی ئەم ڕێکخراوەن. لە ڕاستیدا، لە دەرەوەی ئەمجۆرە ناکۆکییە نێودەوڵەتییانەش، ئەنجوومەنی ئاسایش لە کێشەی ناوچە جێناکۆکەکانی عێراقیش، کە ناکۆکی یاسایی و دەستووری نیشتیمانین، ڕۆڵ و بەشداری هەبووە، لە چەندین بڕیاریدا گرنگی بە پرسی ناوچە جێناکۆکەکان لە عێراق دراوە و بە ڕوونی ئاماژەی پێدراوە.

بەر لە تەواوبوونی ئەو وادە دەستوورییەی کە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 لە دەستووردا دانرابوو، لە ساڵی 2007، ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە بڕیارێکیدا ئاماژەی بە ناوچە جێناکۆکەکان کردووە بەڵام بەو دەستەواژەیە باسی نەکردووە، کە لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005 هاتووە، بەڵکو ناوی ناوە (Disputed internal boundaries) واتە سنوورە ناوخۆییە جێناکۆکەکان. لەم بڕیارەدا ئەنجوومەنی ئاسایش ڕێگەی دا بە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی و یونامی UNAMI کە ڕاوێژ و پاڵپشتی و یارمەتی پێشکەشبکات سەبارەت بە دانانی ڕێکاری پێویست، کە حکومەتی عێراقی قبوڵیان بکات، بۆ چارەسەرکردنی سنوورە ناوخۆییە جێناکۆکەکان (United Nations Security Council Resolution, 2007, S/RES/1770)، کە بۆ یەکەمجار بوو ئەنجوومەنی ئاسایش ئەمجۆرە دەستەواژەیە بە فەرمی بەکاربهێنێت (Azizi, S., 2018: 27)، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ بەشدارییپێکردنی نێودەوڵەتی لەم پرسە نیشتیمانییەدا.

لە دوای تێپەڕبوونی ئەو دوا وادەیەی کە لە ماددەی 140 ی دەستووردا ئاماژەی پێدراوە بۆ جێبەجێکردنی گشت هەنگاو و قۆناغەکانی ماددەکە، کە بریتی بوو لە ڕێکەوتی 31/12/2007، لە میانەی درێژکردنەوەی ئەرک (mandate)ی یونامی UNAMI بۆ ماوەی دوازدە مانگ بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە (1830) لە ساڵی 2008، ئاماژەیەک بۆ

هاوکاریکردن لە چارەسەرکردنی پرسی ناوچە جێناکۆکەکان نەدرابوو. بەڵام لە ساڵانی دواتردا ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە چەندین بڕیاری دیکەیدا جەختی لەسەر گەیشتن بە چارەسەرێکی دادپەروەرانە (Just and Fair) بۆ سنوورە ناوخۆییە جێناکۆکەکانی وڵات (United Nations Security Council Resolution, 2009, S/RES/1883)، لە عێراق کردۆتەوە. تاکو ساڵی 2017، لە گشت بڕیارەکانی درێژکردنەوەی ماوەی ئەرکی یونامی لە عێراق ئەنجوومەنی ئاسایش جەختی لەسەر هەمان گوزارشت دەکردەوە، تەنانەت ئەوکاتەی کە بە دو فاکتۆ ئەو ناوچانە لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە بوون و هێزی عێراقی، بە هۆی هاتنی ڕێکخراوی تیرۆریستیی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، لەو ناوچانە نەمابوون (United Nations Security Council Resolutions: 1936: 2010, 2001: 2011, 2061: 2012, 2110: 2013, 2169: 2014, 2233: 2015, 2299: 2016 and 2367: 2017). لە پاڵ ئەم جەختکردنەوەیە، چەندین جار لەناو ئەو بڕیارانە باس لەوە کراوە کە بە جۆرێک ئەم پرۆسەیە بەرەوپێشببرێت کە حکومەتی عێراقی قبوڵی بێت. واتە دوا بڕیار و هەنگاوی گەڕاندۆتەوە بۆ ویستی حکومەتی فیدراڵیی عێراق.

لە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە لایەن هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی 25/09/2017 کە حکومەتی عێراق بە بەکارهێنانی هێز ئەو ناوچانەی خستەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، ئەنجوومەنی ئاسایش دیسانەوە دانی بەو دوفاکتۆیەدا نەنا وەک فاکتەرێک بۆ کۆتاییهێنان بەو پرسە دەستوورییە نیشتیمانییە، بەڵکو هەمان هەڵوێستەکانی پێشووی خۆی، کە پێش ئەم پێشهاتە هەیبوو، لەناو بڕیارەکانی دواتری درێژکردنەوەی ماوەی ئەرکی یونامی لە عێراق دووپاتکردەوە (United Nations Security Council Resolutions: 2421: 2018, 2522: 2020, 2576: 2021, and 2631: 2022). لە چەندین بڕیاری فەرمیدا، نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕۆڵی ڕاوێژکاری (پاڵپشتیکردن و ئامۆژگاریکردن و هاریکاریکردنی) پێسپێردراوە لەسەر داوای حکومەتی عێراقی. ئەوەی جێگەی ئاماژەپێدانە، لەناو ئەو بڕیارانەدا ئەنجوومەنی ئاسایش جەختی لەسەر یەکپارچەیی خاک و سەروەریی عێراق کردۆتەوە لەگەڵ پابەندبوون بە جێبەجێکردنی بەند و بڕگەکانی دەستوور. واتە ئەم هەڵوێستەی ئەنجوومەنی ئاسایش لە چوارچێوەی ڕێزگرتندا بووە لە سەروەریی کۆماری عێراق و پابەندبوون بە داواکاری یان ڕەزامەندیی حکومەتی عێراق، نەک هیچ لایەنێکی دیکە.

ئەم بڕیارانەی ئەنجوومەنی ئاسایش هیچ میکانیزمێک یان پێشنیازێکی دیارکراوی بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە نەکردووە، و هیچ ئاماژەیەکی بە وردەکاریی ناو ماددە دەستوورییەکان نەکردووە کە میکانیزمی چارەسەرکردنیان دەستنیشانکردووە. هەروەها، ناوەرۆکی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش باس لە خاوەندارێتیی نەتەوەیی و مێژوویی ئەو

ناوچانە ناکات، بەڵکو زیاتر وەک کێشەیەکی پەیوەست بە سنووری کارگێڕیی ناوخۆیی لە پرسی ناوچە جێناکۆکەکانی ڕوانیوە لەسەر ئاستی نیشتیمانی. پێمانوایە ئەگەر بایەخی ئەم پرسە لە پرسێکی نیشتیمانی گەورەتر نەبووایە و ئەنجوومەنی ئاسایش درکی بەو بایەخە نەکردایە ئەوا لە چەندین بڕیاردا ئاماژەی پێنەدەدا. لە ڕوانگەی گرنگی و کاریگەری ئەم پرسەوە، کاربەدەستانی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش، پێیانوابووە کە گەورەترین هەڕەشە لەسەر سەقامگیریی عێراق ئەگەری ململانێی عەرەب و کوردە لەسەر کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت و ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە. یەکلاییکردنەوەی دۆخی سیاسیی ناوچە جێناکۆکەکان، بە کەرکوکیشەوە، یەکێکە لە ئاڵۆزترین و مەترسیدارترین مەترسییە ناوخۆییەکان لەسەر سەقامگیریی عێراق (Azizi, S., 2018: 30). هەروەها چەندین وڵاتی تریش، بە تایبەت دراوسێی عێراق، بە گرنگی و هەستیارییەوە ڕوانیویانەتە داهاتووی ئەم ناوچانە و چۆنیەتیی چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی داهاتوویان، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر هەڵپەساردنی چارەسەرکردنی ئەم پرسە.

### لقی دووەم

### مامەڵەی نێردەی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ پرسی ناوچە جێناکۆکەکان

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی 2003، هیچ شاندێکی فەرمی جێگیری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق نەبوو، بەڵام لە دوای دروستبوونی ئەنجوومەنی حوکم لە عێراق لە ڕێکەوتی 13/07/2003، و لەسەر داوای سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، نێردەی هاریکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق (یونامی UNAMI) لە ساڵی 2003، بە پێی بڕیارێکی تایبەتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دروستکرا (United Nations Security Council Resolution, 2003, S/RES/1500). ئەمەش بۆ پاڵپشتیکردنی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو لە ئەرکەکانی بەرانبەر بە عێراق، کە بەپێی بڕیارێکی پێشووتری ئەنجوومەنی ئاسایش پێی سپێردرابوو (United Nations Security Council Resolution, 2003, S/RES/1483). لەم کاتەدا هیچ دەسەڵاتێکی هەڵبژێردراو لە عێراقدا نەبوو، ئەندامانی ئەنجوومەنی حوکم نوێنەری پارتە سیاسی بەرهەڵستکارەکانی پێشوو بوون کە لە پێکهاتە جیاوازەکانی خەڵکی عێراق بوون و ڕەوایەتیی هەڵبژاردنیان نەبوو، و دەستوورێک لە عێراق بەرکارنەبوو، کە چوارچێوەی دەسەڵاتە فەرمییەکان و چۆنیەتیی کارکردنیان دیاربکات.

لە سەرەتای دانانی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ ئەرکێکی تایبەت بە ناوچە جێناکۆکەکانی پێنەسپێردرابوو، بەڵکو لە ساڵی 2007، بە هۆی قوڵبوونەوەی ناکۆکییە ناوخۆییەکان لەسەر چارەنووسی ئەو ناوچانە و بۆ یەکەمجار بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی

ئاسایش (United Nations Security Council Resolution, 2007, S/RES/1770)، ئەم نێردەیە ئەرکی ئەوەی پێ سپێردرا کە لە چارەسەرکردنی ئەم پرسەدا ڕۆڵی یارمەتیدان و پاڵپشتیکردن و ئامۆژگاریکردن بۆ حکومەتی عێراق ببینێت. واتە بۆی نەبووە لە خۆوە دەستێوەردان بکات، و بۆی نەبووە هیچ بڕیارێک یان پێشنیازێک لەبارەی ئەو ناوچانەوە بدات بە دەسەڵاتە عێراقییەکان.

لەم ڕوانگەیەوە، نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، لە ڕێکەوتی 05/06/2008 یەکەم ڕاپۆرتی شیکاری یونامی پێشکەش بە لایەنە پەیوەندیدارە عێراقییەکان کرد سەبارەت بە چارەسەرکردنی سنووره ناوخۆییە جێناکۆکەکان، ئەمەش وەک بەشێک بوو لە هەوڵەکانی نێردەکە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش، و بەرئەنجامی ڕێککەوتنێک بوو کە یونامی لەگەڵ ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی و سەرۆکوەزیرانی عێراق و سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەر لە کۆتاییهاتنی کاتی ماددەی 140ی دەستوور ئەنجامیدابوو، بۆ پێشکەشکردنی هاوکاریی هونەری بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە. بەڵام نێردەی تایبەتی سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند تەنها حکومەتی عێراق بەرپرسیارێتیی سەروەریی هەیە بۆ گرتنەبەری هەر ڕێکارێک سەبارەت بەو پرسەیە و هەر ڕێکارێک کە بەکاریدەهێنێت بۆ چارەسەرکردنی سنووره ناوخۆییە جێناکۆکەکان (الأمم المتحدة: 2008). هەندێک ڕاسپاردە لەناو ئەم ڕاپۆرتە شیکارییەدا هاتبوون سەبارەت بە ئایندەی کەرکوک و چەند قەزایەکی دیکە لە نەینەوا و کەرکوک، بەڵام ئەم ڕاپۆرتە لە لایەن حکومەتی عێراقی و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانیشەوە ڕەتکرایەوە.

سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەناو ڕاپۆرتی تایبەتی خۆی بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئاماژەی بەم نارەزایەتییانە داوە، بە تایبەت ئاماژەی بە هەڵوێستی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردستان (پەرلەمانی کوردستان)، و سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابوو کە بەیاننامەی فەرمییان دەرکردووە و خۆپارێزییان تێدایە لەسەر ئەو دەرئەنجامانەی کە نێردەکە پێی گەیشتووە، و حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆ پەیوەندیکردن بە نێردەکەوە سەبارەت بەم پرسە ( United Nations Security Council, S/2008/495 : 3). لە چوارچێوەی هەوڵە بەردەوامەکانیدا، نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی 22/04/2009، چەند ڕاپۆرتێکی پێشەکەش بە سەرۆکوەزیرانی عێراقی و ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی عێراق و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد وەک بەشێک لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەی کە بەپێی هەردوو بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش 1770 و1830، پێیدرابوو بۆ هاوکاریکردن لە چارەسەرکرنی پرسی سنووره ناوخۆییە جێناکۆکەکان (الأمم المتحدة في العراق: 2009). لەم ڕاپۆرتانەدا بە وردی باس لە دۆخی قەزاکانی سنجار، تلعفر، تلکیف، شیخان، ئاکرێ، حمدانیە، مخمور، حویجە، دوبز، داقوق، کرکوک،

دوزخورماتو، کفری، خانقین و ناحیەی مەندەلی لە قەزای بەلەدروز کرابوو. و باس لە داهاتووی کەرکوکیش کرابوو کە سەرچاوەی لە دەستووری عێراقیەوە وەرگرتبوو (لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 لە دەستووری کۆماری عێراق: 2009).

سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆی چالاکییەکانی نێردە تایبەتەکەی خۆی سەبارەت بە پرسی ناوچە جێناکۆکەکان بە ڕاپۆرتی فەرمی بەرزدەکردەوە بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ ئاگاداربوون لەو هەنگاوانەی کە گرتوونیەتیە بەر (ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان 2008: خاڵەکانی 7، 8، 12، 24، 59). بە تێگەیشتنی ئێمە، نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵی ئەو ناوبژیوانانە نابینێت کە لە ماددەی 58 لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004، هەڵوەشاوە، چەسپێندراو لە هەردوو ماددەی 140 و 143 لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005، ئاماژەیان پێدراوە. بەڵکو ئەم نێردەیە، هەرچەندە لەسەر داوای حکومەتی عێراقیش بووبێت، بە بڕیارێکی نێودەوڵەتی دروستکراوە و ئەرکەکەی جیاواز بووە لەو ئەرکەی کە هەر ناوبژیوانێک پێویستە لە چارەسەرکردنی ئەم پرسەدا بیبینێت.

## کۆتایی

لە کۆتاییی نووسینی ئەم توێژینەوەیە، دەگەینە ئەم ئەنجام و ڕاسپاردانەی خوارەوە:

## ئەنجام

- ناوچە جێناکۆکەکان پرسێکی دەستووریی نیشتیمانیی بەردەوامە و لایەنە ناکۆکەکان لە ناوخۆی یەک دەوڵەتن کە کۆماری عێراقە. هەرچەندە هیچ ڕەگەزێکی نێودەوڵەتی لەم پرسەدا نییە، بەڵام بەشدارپێکردنی نێودەوڵەتی لە چارەسەرکردنی ئەم پرسەدا بنەمایەکی دەستووری هەیە، لە حاڵەتی چارەسەرنەبوونی ئەم پرسە لەلایەن دەسەڵاتە فەرمییە نیشتیمانییەکان و جێبەجێنەکردنی ئەرکە دەستوورییەکانیاندا، دەکرێت سەرۆککۆمار داوای دانانی ناوبژیوان لە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات بۆ ناوبژیوانیکردن. ئەمەش دۆخێکی دەگمەنە لە ناو دەوڵەتەکان، بە تایبەت لە سیستەمە فیدراڵییەکان، کە لایەنێکی نێودەوڵەتی بێتە ناو چارەسەرکردنی پرسێکی دەستووریی نیشتیمانییەوە.
- یەکلاکردنەوەی پرسی ناوچە جێناکۆکەکان بەگوێرەی هەنگاوەکانی ناو ماددەی 140 لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005، دەبێتە هۆی ئەوەی سنوورێکی کارگێڕیی جێگیر بۆ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بچەسپێت، و ئەو موڵکانەی کە لە

سەردەمی پێشوودا بە ناڕەوا لە خاوەنەکانیان سەندرابوون دەگەڕێنەوە بۆ خاوەنی ڕاستەقینەی خۆیان. بەڵام ئەمە کەسایەتیی یاسایی و قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان، وەک هەرێمێکی فیدراڵی، ناگۆڕێت، و هیچ کاریگەری لەسەر سنووری نێودەوڵەتیی عێراق، وەکو دەوڵەت، نابێت.

- هەوڵدان بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی ئەم پرسە، ناوەڕۆکی پرسەکە و سروشتەکەی نەگۆڕیوە، و نەیتوانیوە ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە چارەسەرکردنیدا ببینێت، قبوڵکردنی هەر ڕاسپاردە یان پێشنیازێکی نێودەوڵەتی لەمەڕ ئەم پرسە زیاتر دەوەستێتە سەر ویست و هەڵوێست و بڕیاری دەسەڵاتە فیدراڵییەکان نەک هەرێمی کوردستان. و هەرجۆرە بەشداریکردنێکی نێودەوڵەتی لەم پرسەدا، بە تایبەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە چوارچێوەی سەروەریی دەوڵەتی عێراقدا بووە و دەبێت.

- بەشداریی نێودەوڵەتی لە یەکلاکردنەوەی پرسی ناوچە جێناکۆکەکان، بەو شێوەیەی کە لە دەستووردا ئاماژەی پێدراوە هێشتا بە پراکتیکی پەنای بۆ نەبراوە، بەڵام لە ئاستی کرداریدا بەشداریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ڕێگەی ئەنجوومەنی ئاسایش و نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بەرجەستەیە، لەکاتێکدا ڕێسا دەستوورییەکان باس لە دانانی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی دەکەن نەک هاریکاری و ڕاوێژی نەتەوە یەکگرتووەکان و باسکردنی ئەم پرسە لەناو کۆبوونەوە و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش.

- دەسەڵاتە فیدراڵییەکانی ئێستا بەرپرس نین لە دروستبوونی پرسی ناوچە جێناکۆکەکان، بەڵام بەپێی دەستووری فیدراڵی بەرپرسن لە ڕاستکردنەوەی ئەو نادادپەروەرییانەی کە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا ئەنجامدراون. هەر کەموکورییەک لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان ڕەوایەتیی زیاتر بۆ داواکردنی پەنابردن بۆ بەشداریی نێودەوڵەتی دێنێتە کایەوە، و بواری زیاتر بۆ دەستێوەردانی دەرەکی لەم پرسە نیشتیمانییەدا دەڕەخسێنێت.

## ڕاسپاردەکان

- بۆ دیارکردنی چوارچێوەی پرسی ناوچە جێناکۆکەکان و هەنگاوەکانی چارەسەرکردنیان ناڕوونی لە دەقە دەستوورییەکاندا نییە، ئەوە سەلمێندراوە کە ئەم پرسە پرسێکی دەستووریی بەردەوامە و کۆتایی نەهاتووە. لەم ڕوانگەیەوە پێویستە هیچ ڕێکەوتننامەیەکی سیاسی نەکرێت بە ئاڵتەرنەتیڤی هەنگاوە دەستوورییەکان کە دەتوانن دادپەروەریی ڕێژەیی

گونجاو بۆ ڕاستکردنەوەی نادادپەروەرییەکانی ڕابردوو بەدیبهێنن، تەنها ئەگەر بۆ خێراترکردنی هەنگاوەکان بێت یان دادپەروەرییەکی باشتر بەدیبهێنێت.

- گرنگە ئەم پرسە بە ڕێکارە نیشتیمانییەکان و لەلایەن دەسەڵاتە نیشتیمانییەکانەوە، کە کورد هاوبەشی سەرەکییە تیایاندا، یەکلابکرێتەوە کە بە ڕوونی لە دەستووردا دەستنیشانکراون، بەڵام ئەگەر ئەم دەسەڵاتانە بەردەوام بن لە پشتگوێخستنی ئەرکە دەستوورییەکانیان، پێویستە سەرۆککۆمار بەپێی تایبەتکارییە دەستوورییەکانی پەنا بباتە بەر بەشدارییپێکردنی نێودەوڵەتی و ئەم ڕێکارە دەستوورییەش تاقیبکرێتەوە.

- پێویستە لە گشت ئاستە جیاوازەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری ڕێگری بکرێت لە هەر هەنگاوێکی سیاسی یان کارگێڕی کە ببێتە هۆی چەسپاندنی بڕیارە نادادپەروەرەکانی سەردەمی ڕژێمی پێشوو سەبارەت بە سنوور و خاک و خەڵکی ئەو ناوچانە و پەکخستنی ئەو ڕێکارە دەستوورییانەی کە بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە و هەڵگرتنی نادادپەروەرییەکان دانراون.

- پێویستە ڕێگەنەدرێت وڵاتانی دراوسێ دەستوەردان لە یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە دەستوورییە نیشتیمانییەدا بکەن، چونکە بە پێی بنەماکانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی هەر هەنگاوێکی لەو جۆرە دەستێوەردانە لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان و ڕێگەپێنەدراوە، و پێشێلکردنی سەروەریی دەوڵەتی عێراقە. لەم ڕوانگەیەوە بەرپرسانی کوردستانی لەناو دەسەڵاتە فیدراڵییەکان پێویستە بە ئەرکی یاسایی و سیاسیی خۆیان هەڵبستن، لانی کەم بەرگری لە دەستووری فیدراڵیی عێراق بکەن کە دەستەبەری پێویستی لەمەڕ ئەم پرسە تیادا دەقنووسکراوە.

## پەراوێزەکان

1. لیژنەیەکی جێبەجێکاری وەزاری یاسایی بوو، بەپێی فەرمانی دیوانی ژمارە (46)، (م ر ن/1373/48)، لە ڕێکەوتی (2006/8/9)، لەسەر ئاستی حکومەتی فیدراڵی پێکهێندرابوو. ئەرکی ئەم لیژنەیە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی مادده 58 لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004، و مادده 140 لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005، بوو.

2. بە نموونە، بڕوانە ماددە 17 بڕگە 2 لە (بروتوكول تعديل اتفاقية فيينا بشأن المسؤولية المدنية عن الأضرار النووية 1997) کە دەڵێت: (... يجوز لأحد الأطراف أن يطلب ... الى الأمين العام للأمم المتحدة تعيين حكم واحد أو أكثر).

## سەرچاوەکان

### پەرتووکەکان


- جوهر نامق سالم (2007) کورد لە گەمەی دەقە یاساییەکاندا، وردبوونەوە لە دەستووری هەمیشەیی "العراق"، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- منذر الفضل (2010) مشكلات الدستور العراقي، الطبعة الأولى، أربيل، دار اراس للطباعة والنشر.
- Chautard, S. (2006) *L'indispensable de la géopolitique*, Paris, Studyrama.
- Conteh, A. (2023) State Succession in International Law. Duruigbo, E. and others (Editors), *International Law and Development in the Global South*, Switzerland, Palgrave Macmillan, 155-176.
- Kramlinger, George D. (2001) *Operation Provide Comfort. Sustained Coercive Air Presence: Provide Comfort, Deny Flight, and the Future of Airpower in Peace Enforcement*, Alabama, Air University Press, 2001.
- Oduntan, G. (2015) *International Law and Boundary Disputes in Africa*, 1st addition, New York, Routledge.
- Seyder, Ferhad I. (2019) *The Kurds before a Regional Transformation: Rollback of independence efforts*, Zurich, Zweigniederlassung.


### توێژینەوەکان


- ئازاد عوسمان (2013) ناوچە دابڕێندراوەکان لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری یاسا و رامیاری، ژمارە (31)، 9-48.

- خليل إسماعيل محمد (2021) البعد القومي لملات الابادة الجماعية في المناطق المتنازع عليها (مدينة خانقين انموذجا)، مجلة جامعة دهوك العلوم الانسانية والاجتماعية، المجلد 24، العدد 1 (عدد خاص)، 163-175.

- Azizi, S. (2018) The UN Security Council and Iraq's Disputed Internal Boundaries. *The Iranian Review for UN Studies (IRUNS)*, Vol. 1 (1), 27-63.

- BARTU, P. (2010) Wrestling with the Integrity of a Nation: The Disputed Internal Boundaries in Iraq. *International Affairs (Royal Institute of International Affairs 1944-)*, Vol. 86 (6), 1329–1343.

- Roussel, C. (2014) L'introuvable frontière du Kurdistan d'Irak. *Politique étrangère*, Vol. 2, 63-77.

- Roussel, C. (2018) Irak et Kurdistan d'Irak : la problématique de la frontière interne et les enjeux du contrôle territorial. *Égypte/Monde arabe*. Vol. 18, 65-82.

- Saliternik, M. (2017) Expanding the Boundaries of Boundary Dispute Settlement: International Law and Critical Geography at the Crossroads. *Vanderbilt Journal of Transnational Law*, Vol. 50, 113-154.

**دەقە یاساییەکان**

- دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005.

- قانون هيئة حل نزاعات الملكية العقارية رقم 2 لسنة 2006، الملغي.

- یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی 2004، هەڵوەشاوە.

- قانون المرافعات المدنية العراقي رقم 83 لسنة 1969، المعدل.

- قانون هيئة دعاوى الملكية رقم 13 لسنة 2010.

- یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2010 یاسای دەستەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە.
- پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بەرکار.

**بڕیارەکانی دادگای باڵای ئیتیحادی**

- بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادی ژمارە (71/اتحادية/2019)، لە ڕێکەوتی 2019/07/28.
- بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادی ژمارە (43/اتحادية/اعلام/2018)، لە ڕێکەوتی 2018/03/11.
- بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادی ژمارە (113/اتحادية/2017)، لە ڕێکەوتی 2017/10/29.

**دۆکیومێنتە نێودەوڵەتییەکان**

- United Nations Security Council Resolution S/RES/2631 (2022), 26 May 2022.
- United Nations Security Council Resolution S/RES/2576 (2021), 27 May 2021.
- United Nations Security Council Resolution S/RES/2522 (2020), 29 May 2020.
- United Nations Security Council Resolution S/RES/2421 (2018), 14 June 2018.
- United Nations Security Council Resolution S/RES/2367 (2017), 14 July 2017.
- United Nations Security Council Resolution S/RES/2299 (2016), 25 July 2016.
- United Nations Security Council Resolution S/RES/2233 (2015), 29 July 2015.

- United Nations Security Council Resolution S/RES/2169 (2014), 30 July 2014.
- United Nations Security Council Resolution S/RES/2110 (2013), 24 July 2013.
- United Nations Security Council Resolution S/RES/2061 (2012), 25 July 2012.
- United Nations Security Council Resolution S/RES/2001 (2011), 28 July 2011.
- United Nations Security Council Resolution S/RES/1936 (2010), 5 August 2010.
- United Nations Security Council Resolution S/RES/1883 (2009, 7 August 2009.
- United Nations Security Council Resolution S/RES/1830 (2008), 7 August 2008.
- United Nations Security Council Resolution S/RES/1770 (2007), 10 August 2007.
- United Nations Security Council Resolution S/RES/1500 (2003), 14 August 2003.
- United Nations Security Council Resolution S/RES/1483 (2003), 22 May 2003.
- United Nations Security Council Resolution S/RES/688 (1991), 5 April 1991.
- بروتوكول تعديل اتفاقية فيينا بشأن المسؤولية المدنية عن الأضرار النووية 1997.
- United Nations Charter of 1945.

## سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان


- الأمم المتحدة (2008) بعثة الأمم المتحدة لمساعدة العراق تقدم تحليلها الأول لمساعدة الحكومة العراقية على حل الحدود الداخلية المتنازع عليها. متاح على الرابط: https://news.un.org/ar/story/2008/06/87102
- الأمم المتحدة (2009) بعثة الأمم المتحدة في العراق ترفع تقريرها بشأن الحدود الداخلية المتنازع عليها في شمال البلاد. https://news.un.org/ar/story/2009/04/103182
- ئازاد وەڵەدبەگی (2019a) ئاییندەی ناوچە جێناکۆکەکان لە نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان (بەشی یەکەم)، بڵاوکراوەتەوە لە 08/05/2019 لە: http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/1594-2019-05-08-18-36-20
- ئازاد وەڵەدبەگی (2019b) ئاییندەی ناوچە جێناکۆکەکان لە نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان (بەشی دووەم)، بڵاوکراوەتەوە لە 20/05/2019، لە : http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/1606-2019-05-20-08-42-35
- دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم : https://gov.krd/kagb/
- موقع رئيس مجلس الوزراء (2022) المنهاج الوزاري لرئيس مجلس الوزراء محمد شياع السوداني، متاح على الرابط: https://www.pmo.iq/mnhaj.htm
- وێبسایتی فەرمی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005؛ http://www.com140.com
- Blair, Dennis C., (2009) Annual Threat Assessment of the Intelligence Community for the Senate Select Committee on Intelligence. Available at: https://www.odni.gov/files/documents/Newsroom/Testimonies/20090212_testimony.pdf

- International Crisis Group (2018) Reviving UN Mediation on Iraq's Disputed Internal Boundaries. Available at: https://icg-prod.s3.amazonaws.com/194-reviving-un-mediation-on-iraq-s-disputed-internal-boundaries.pdf
- Kane, S. (2011) Iraq's Disputed Territories a view of the political horizon and implications for u.s. policy. Available at : https://www.usip.org/sites/default/files/PW69_final.pdf
- Morris, S. and others (2015) *The Future of Kirkuk: A Roadmap for Resolving the Status of the Governorate*. Available at : http://www.meri-k.org/wp-content/uploads/2015/09/The-Future-of-Kirkuk-A-Roadmap-for-Resolving-the-Status-of-the-Province-English.pdf
- United Nations Security Council (2023) Report of the Secretary-General pursuant to paragraph 6 of resolution 1770 (2007)- S/2008/495. Available at: https://documents-dds-ny.un.org/doc/UNDOC/GEN/N08/439/97/PDF/N0843997.pdf?OpenElement
- United Nations Security Council (2023) The situation concerning Iraq- S/PV.9253. Available at: https://www.securitycouncilreport.org/atf/cf/%7B65BFCF9B-6D27-4E9C-8CD3-CF6E4FF96FF9%7D/S_PV.9253.pdf

**الملخص**

ان المناطق المتنازع عليها في العراق قضية وطنية حساسة ومعقدة التي لم يتم معالجتها، وأعطت قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الأنتقالية لعام 2004، الملغي، والدستور العراقي لعام 2005 أهمية كبيرة لها. لقد تم وضع عدة آليات دستورية لحل هذه القضية وتحديد مصير هذه المناطق بين السلطات الاتحادية وإقليم كوردستان. في حالة عدم القيام السلطات الاتحادية الوطنية بالتزاماتها الدستورية، يسمح الدستور بالمشاركة الدولية في حل هذه القضية الوطنية، وذلك عن طريق الأمين العام للأمم المتحدة لإجراء التحكيم المطلوب في هذا الشأن، سيكون ذلك بناء على طلب السلطات الوطنية. من الناحية التطبيقية، أشار مجلس الأمن التابع للأمم المتحدة في عدة قراراته إلى الحدود الداخلية المتنازع عليها في العراق واعتبر أنه من الضروري إيجاد حل عادل لهذه القضية يتوافق مع الدستور العراقي وإرادة الحكومة العراقية. وفي هذا الصدد، بذل المبعوث الخاص للأمين العام للأمم المتحدة إلى العراق العديد من الجهود والمشاركات مع الأطراف المعنية العراقية، ولكن كما هو الحال بالنسبة للإجراءات الوطنية، لم تؤد إلى حلول حاسمة، بل بقيت هذه الجهود الدولية في إطار تقديم التوصيات إلى السلطات الوطنية. وعليه فإن هذه القضية لم تحسم بعد على المستوى الوطني ومن المنظور الدولي ايضا رغم انتهاء المدة الدستورية لحلها، وأنها قضية مستمرة ولم تنته بعد.

الكلمات المفتاحية : الدستور الاتحادي، المادة 140، المناطق المتنازع عليها، المحكمة الاتحادية العليا، الأمم المتحدة، المحكم الدولي